**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری ژمـارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧**

**ماددەی (١):**

ماددەی (چوارەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی هەرێمی بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

١- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆک.

٢- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ جێگری سەرۆک.

٣- وەزیری سامانە سروشتییەکان/ ئەندام.

٤- وەزیری دارایی و ئابوری/ ئەندام.

٥- وەزیری پلاندانان/ ئەندام.

٦- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران/ ئەندام.

**دووەم:** ئەنجومەنی هەرێمی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە، و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکات، و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆک دەنگی لەگەڵداوە.

**ماددەی (٢):** پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):** کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):** ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی دەرچواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان - عێراق، و دیاریکردنی میکانزمی گرێدان و دەنگدان تیایدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/٨/٩**